Sorani

# Vilket imorgon kommer jag att välja?

- Om  uppväxt och föräldraskap i olika kulturer

# چ داهاتوویەك هەڵدەبژێرم؟

ـ دەربارەی پەروەردەی منداڵ و دایك و باوكێتی لە كولتووری جیاوازدا

Folkbildningsförbundet –
Studieförbundens intresseorganisation,
Stockholm 2004

# چ داهاتوویەك هەڵدەبژێرم؟

## ـ دەربارەی پەروەردەی منداڵ و دایك و باوكێتی لە كولتووری جیاوازدا

دایك و باوكێتی لە سویددا وڕەگەزی بیانی هەبوون چ مانایەكی هەیە؟ ئەم نووسراوەیە لەم بارەوە دەدوێ.

دایك و باوكان لەوانەیە نیگەرانی ئەوە بن كە منداڵەكانیان لە دەس بدەن و بایەخ و بۆچوونی وا وەدەس بێنن كە لە ڕوانگەی ئێوەوە، جیاواز و نائاشنا بنوێنێ. منداڵەكانتان لە سوید گەورە دەبن. بۆ ئەوەی كولتووری ڕەگەزی خۆیان ڕابگرن پێویستە چ بكرێ؟ چ ڕادە سویدی بوون لە منداڵەكەتدا قەبووڵ دەكەی؟ ئاخۆ دەتوانێ سەر بە كولتووری جۆراوجۆر بێ بێ ئەوەی كە لێبراو بێ هەڵبژێرێ؟

گشت دایك و باوكەكان جار و بار خۆیان تا ئەرخەیان هەست پێدەكەن. چ بە سەر منداڵەكانم دێ؟ گفتوگۆ لەگەڵ دایك و باوكانیتر لەمبارەوە دەتوانێ بەسوود بێ.

| |
|---|
| **دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەینێ**<br>رسول الموسوی<br><br>دوێنێ<br>لە بەر نسێی ماڵدا<br>دایكم قژەكانی دادێنام و<br>دوو لكی لێ دەهۆندەوە.<br>بەڵام ئەمڕۆ<br>لە نێوان سبەینێ و دوێنێدا<br>دوو ڕێیانێكە.<br>سبەینێ كامەیان هەڵدەبژێرم؟ |

# 1. گەورەبوون لە وڵاتێكیتردا

كاتێ مێرمنداڵ دەگەڕێتەوە و بە دایك و باوكی دەڵێ كە ئەو باشتر دەزانێ، ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی تووڕەیی ئەوان چونكە نازانن لە سوید دەبێ چۆن بن. هەر ئەمە دایك و باوكان تووڕە دەكا و لە ئاكامدا شەڕ و هەڵلا دروست دەبێ.
زۆربەی مێرمنداڵان حەزیان لێیە نیشان بدەن كە ئیدی سەربەخۆن. ئەمە بەم مانایە نییە كە ئەوان ئیتر بوونەتە سویدی یا دەیانەوێ لە دایك و باوك و كولتووری ئەوان دوور كەونەوە. ئەوان ئەگەر مەجبوور نەكرێن بەڵكوو خۆیان بڕیار بدەن، دەتوانن هەر دوو كولتوور پێكەوە گرێ بدەن.

- ئایا تۆ كاتێ خۆت گەنج بووی لەلایەن دایك و باوكتەوە مەجبوور دەكرای كارێك كە پێت خۆش نەبوو بیكەی ؟
- چ هەستێكت هەبوو؟
- چ دەقەوما ئەگەر خۆت هەڵتبژاردبا؟

### منداڵی تۆ ئێستا لێرە دەژی و دەیەوێ هەر دووكیان بێ، هەم ئەمیان، هەم ئەویتریان

دایك و باوك و بنەماڵە دەورێكی گرنگیان هەیە لەوەی دا كە منداڵ فێری دەبێ. بەڵام دۆستان، باخچەی منداڵان، قوتابخانە و كۆمەڵگای دەوروبەریش خودان دەورن.

منداڵ دەبێ هەوڵ بدا هەموو ئەو شتەی دەیبینێ و دەیبیسێ فێری بێ. بێتوو لە ناو بنەماڵە و كۆمەڵگادا، شێوەی جودا هەبێ بۆ بیركردنەوە ئەوا ئەو هەوڵ دەدا لە هەر دووكیان بگا. ئەوەی لە مەكتەب هەیە لەگەڵ ئەوەی لە ماڵدا تێدەپەڕێ زۆر جیاوازە. لە مە كتەب وەكوو ماڵێ بیر ناكەنەوە. بەڵام منداڵ ناتوانێ تەنیا یەكێكیان قەبووڵ بكا. ئەو لە هەر دوو ڕاستیدا دەژی.

زۆر جار منداڵان دەیانەوێ هەر دوو كولتووریان خۆش بوێ. بە واتایەك هەم ئەو بن و هەم ئەویتر. دەكرێ ئەوان بە (منداڵانی خەتی مەودا)ناودێر بكرێن. بەو مانایە كە ئەوان فینلاندی ـ سویدی، كورد ـ سویدی، یۆنانی ـ سویدی

یا سومالیایی ـ سویدی و هتد ین. ئەوان دەبێ بتوانن دنیاکانیان بە خەتی مەودا لێك گرێ بدەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەوان لە هەر کامەی نیوەیەك بن. ئەوان دەتوانن هەر دووکیان بە تەواوی هەبێ!

- ئاخۆ کاتێك منداڵ بووی لە دەوروبەری تۆش بایەخی جۆراوجۆر هەبوو؟
- بۆچوونی دایك و باوکت لەمبارەوە چ بوو؟
- ئەمە لە ڕوانگەی تۆوە چ مانایەکی هەبوو؟
- بە پڕوای تۆ گەورەبوون لە شوێنێکدا بە دوو یا چەند کولتوور، چ خاڵگەلێکی خراپی هەیە؟
- خاڵە باشەکانی چین؟
- لە سەر وێنەی زاراوەی (خەتی مەودا) پروات چییە؟
- تۆ خۆت تا چ ڕادەیەك (هەم ئەو) ی (هەم ئەوەکەی تر)؟
- منداڵەکەت تا چ ڕادەیەك (هەم ئەو) ە (هەم ئەوەکەی تر)؟

| |
|---|
| "من هیچ هەست ناکەم سویدیم. هەڵبەت خۆم بە تورکیش نازانم. تەنیا هەست دەکەم ئایشێم. من حەزم لە مەودادانان لە نێوان (ئەوان) و (ئێمە)دا نییە. من ئایشێم خەڵکی ستۆکهۆڵم. دۆستەکانیشم هەمە جۆرەن." |

## کولتووری مێرمنداڵان

مرۆڤەکان لە ناو گرووپی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و جیلی خۆیاندا، پێوەلکاویی کولتووریان هەیە. لەوانەیە مێرمنداڵانی سەر بە گرووپە نەتەوایەتییە جۆراوجۆرەکان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مێرمنداڵان و گەورەساڵانی گرووپێکی نەتەوایەتی، خاڵی هاوبەشیان زۆرتر بێ. شێوازی جیاوازی وەك ڕواڵەت، جۆری جل و بەرگ پۆشین و مۆسیقابیستن، هەستێکی هاوبەش لە ناو ئەم گرووپەدا چێ دەکا.

مێرمنداڵێك کە لە وڵاتێکیتر جیا لە زێدی دایك و باوکی دەژی دەتوانێ لانیکەم سەر بە سێ کولتووری جیاواز بێ:

– کولتووری دایك و باوك
– کولتووری زۆربەی سوید و
– کولتووری مێرمنداڵان!

- ئایا بە مێرمنداڵی هەستت بەوە دەکرد کە سەر بە (کولتووری مێرمنداڵان)یت؟
- ئەوەی تۆ و مێرمنداڵانیتری لە گەورەساڵانی دەوروبەرت جیا دەکردەوە چ بوو؟

## ئاڵوگۆڕ لە ناو جیلەکاندا

گەنجەکان دەیانەوێ ئاڵوگۆڕ پێکبێنن و بەساڵاچوان زۆرتر دەیانەوێ کۆنەکان ڕاگرن. ئەمە شتێکی زۆر سەیر نییە. مرۆڤەکان دەیانەوێ شتە ئاشناکانی خۆیان بپارێزن. شتە نوێ و نەناسراوەکان دەبنە هۆی نادڵنیایی. ئەم مەسەلەیە زۆر جار لە ناو جیلەکاندا ناکۆکی پێکدێنێ.

زۆربەی ئەو شتانەی بە منداڵی فێریان دەبین ئەوانەن کە هەستیان پێدەکەین بێئەوەی کەسێك پێمان بڵێ کە دەبێ چۆن بن. ئێمە حەز ناکەین ئەوەی لە ناو کولتوورێکدا هەیە بیگۆڕین.

- جیلی تۆ و جیلی دایك و باوکت لە چ شتێکدا بۆچوونی جیاوازیان هەیە؟
- ئاخۆ دەزانی کە لە نێوان دایك و باوکی تۆ و جیلی باوکەکانیشیان دژبەری هەبوو؟
- چ خاڵگەلێکی گرنگ لە شێوەی بۆچوونی تۆدا هەیە کە دەتەوێ بیگوازیتەوە بۆ منداڵەکانی خۆشت؟
- بە پڕوای تۆ ئاساییترین شتێك کە خەڵکی سوید حەزیان لێیەتی چییە؟
- ئاخۆ منداڵەکەی تۆش ئەو شتەی، هەر ئەوەندە خۆش دەوێ؟

## کولتوورەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر دادێ

ئەو مرۆڤانەی لە هەرێمی کولتوورێکدا دەژین هەنگاو بە هەنگاو و بەردەوام، ئاڵو گۆری تێدا پێکدێنن. کولتوورەکان، دابەکان، پێودانەکانی بایەخ و نەریتە ئایینییەکان ئەو کات پێشوەدەچن کە بەشێکیان لابرێن، بەشێکیان بە هێز بن و هەندێ بەشیشیان بە شێوەیەکی نوێ شیبکرێنەوە.

ئێمە هەموومان لە ناو کولتووری خۆماندا دەژین بێئەوەی لە ڕاستیدا ببیینین (وەك ماسی لە ناو ئاودا) بەڵام هاوکاتیش لە شکڵپێدانی نوێیدا بەشدارین. کولتوور زۆرتر ئەو کات دەردەکەوێ کە لە گەڵ کولتوورەکانیتردا هەڵسەنگێندرێ.

تەنانەت لە ناو هەمان کولتووریشدا گرووپی جیاوازی وا هەن کە داب و نەریتی جوداوازیان هەیە. هەر کام لە ئێمەش لە ناو بنەماڵە، شوێنی کار یا لە دیدار لەگەڵ نائاشنایاندا، دەوری کولتووریی جودامان هەیە.

- ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان لە ماوەی ژیانی ئەو جیلەدا کە تۆ سەر بەوانی چۆن بووە؟

# 2. دایك و باوكێتیی مێرمنداڵێك

هەموو دایك و باوكەكان دەیانەوێ شانازی بە منداڵەكانیانەوە بكەن و خۆیان بە بەختەوەر بزانن. هەڵبەت ئەمە تا ئەو كاتەی كە منداڵەكان بچووكن هاسانە بەڵام لەگەڵ گەورەبوونیان و بە تایبەت لە هەڕەتی مێرمنداڵی و دەسپێكی نەیارییەكاندا دژوارتر دەبێ.

مێرمنداڵان لە خۆیان دەپرسن: "من كێم؟" و بۆ دۆزینەوەی ئەوەی بە ڕاستی دەزانن دەس دەكەن بە تەجروبە كردنی دەور و سنووری جیاواز. سروشتییە كە لە سەر گەورەساڵان پێویستە لەو كاتەدا كە مێرمنداڵان سنوورە گرنگەكان دەبڕن، كاردانەوە لە خۆیان نیشان بدەن بەڵام ئەم كارە دەبێ بە پارێزەوە بێ. دەنا ئەو مەترسییە هەیە كە منداڵەكان ڕێك لەو خاڵەدا كە دایك و باوك هەوڵی ڕزگاربوونیان دەدەن بگیرسێنەوە.

دایك و باوكان نیگەرانی منداڵەكانی خۆیان دەبن بەڵام ئەو بۆ نیگەرانبوونە هەمیشە بە سەبەبەوە نییە. دایك و باوكە نیگەرانەكان، گەلێ پرسییان بۆدێتە گۆرێ. لەو جێیەوە كە مێرمنداڵان هەست دەكەن لە ژێر چاودێری و گوماندان زۆرتر وەڵامی كورت و نابەدڵ دەدەنەوە. ئەمە گەلێ سروشتییە كە مێرمنداڵان لە زەمەنێكدا خۆ لە دایك و باوكەكانیان دوور دەخەنەوە بەڵام سەر لە نوێ دەگەڕێنەوە.

- نیگەرانییەكانی تۆ دەرهەق بە منداڵەكەت چین؟
- ئایا بە ڕاستی هۆیەك بۆ نیگەران بوونت هەیە؟
- پێت وایە منداڵەكەت لە سەر ئەو نیگەرانییەی تۆ چ بۆچوونێكی هەیە؟
- دیتنت چییە لەسەر ئەوەی گەلێ لە دایك و باوكەكان نیگەرانی منداڵەكانیان دەبن؟

| |
|---|
| "پرواتان پێمان بێ! ئێمە شانازی بەوەوە دەكەین كە كوردین بەڵام مافی ئەوەمان هەیە كە خاوەنی ئازادیی خۆمان بین. ئێوە دایكانیش دەبێ لەمبارەوە پشتمان بگرن و زاڵم نەبن!"<br>كچانی مێرمنداڵی كورد لە موناقەشەیەكدا لە گەڵ دایكەكانیان، كە لە لایەن یەكێتیی ژنانی كوردستانەوە ئامادە كرابوو. |

## دایك و باوكێتی ئەمڕۆ لە سویددا

ڕەنگە ئەمڕۆ دایك و باوكێتی دژوارتر بووبێ. منداڵان و مێرمنداڵان زۆر شت لە دەنگەوەرەكانەوە فێر دەبن. زۆرتر شتەكان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەوان دەیانەوێ نە تەنیا قانوونەكان و قەدەغەكان، بەڵكوو سەر لە هۆی لە بەر چی بوونی شتەكانیش دەربێنن.

بێتوو منداڵەكەت هەوڵ بدا لە بەرامبەر تۆدا بەڵگە بێنێتەوە ڕەنگە پێت وابێ بۆتە شەڕانی و بێزاركەر. دایك و باوكی سویدیش وایە. هەموو دەبێ فیر بین كە بە جۆرێكیتر و جودا لە شێوەی دایك و بابانمان لە گەڵ منداڵەكانمان بجووڵێینەوە. شێوەی پەروەردەكردنی سویدییەكانیش بە درێژایی جیلەكان ئاڵوگۆری زۆری پێدا هاتووە.

- ئایا لە شێوەی پەروەردەكردنی سویدیدا شتێك هەیە كە تۆ لەگەڵی نەیار بی؟
- خۆت لە سەر ئەم بابەتە و بابەتەكانی سەرەوە چ پێشنیارێكت هەیە؟ لە بەر چی؟
- پێت وایە دایك و باوكێكی سویدی چۆن پاكانەی ڕەفتاری خۆی لەم بارەوە دەكا؟

## مافی منداڵ

پەیماننامەی نێونەتەوەیی منداڵانی ئەنجومەنی نەتەوە یەكگرتووەكان دەڵێ:

- منداڵ دەبێ لە هەمبەر هەڵاواردن لە هەر شێوەیەكدا پارێزگاری بكرێ. (بەندی دوو)
- لە پێشدابوونی منداڵ لە هەموو بڕیارێكدا دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. (بەندی سێ)
- دایك و باوكان لە سەریانە منداڵی خۆیان پەروەردە و ڕێنوێنی بكەن. (بەندی پێنج)
- منداڵ مافی ژیان و پێشوەچوونی هەیە. (بەندی شەش)
- منداڵ مافی رادەربڕین و ڕێزگیران لە بیروڕاكانی هەیە. (بەندی دوازدە)
- منداڵ نابێ لە ژیانی تاكەكەسی و بنەماڵەییدا، لە ماڵی خۆی یا كاتێ دەچێتە لای یەكێ لە دوو والیدی خۆی، بە نایاسایی و خۆسەرانە ئازار بدرێ. (بەندی شانزدە)

بە پێی یاساكانی سوید، منداڵ مافی بەكارهێنانی چاودێری و سەرپەرستی، ئاسایش و پەروەردەی باشی هەیە. مەبەست لە پەروەردەی باش بریتییە لە:
فێركردنی سنووردانان و هەستی بەرپرسێتی، هەستی پێویستی پێی، مافی پێشوەچوون و لە داهاتوودا ڕزگاربوون لە وابەستە بوون بە دایك و باوك.

ئەمە مافی منداڵە كە بە چاوی ڕێز لە كەسایەتییەكەی وەك مرۆڤێك بنێردرێ و ڕەفتاری لەگەڵ بكرێ.
منداڵ هەموو كاتێك مافی ئەوەی هەیە كە پارێزگاریەكی زیاتر لە هەرێمی تاكەكەسی بكرێ.
منداڵ نابێ سزای لەشی بدرێ یا ڕەفتاری سووكی لە گەڵ بكرێ.

- خاڵە جۆراوجۆرەکانی پەیماننامەی نێونەتەوەیی منداڵانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بە چ مانایەکە؟
- کاتێك منداڵ بووی کام یەك لەو مافانەت هەبوو؟

## 3. دایك و باوکێتی لە وڵاتێکی‌تردا

| |
|---|
| "یەکێ لە دوور و درێژترین سەفەرەکان، سەفەری ناوخۆی خودی ئێمەیە و هەمیشە بە فێربوونێکی نوێ، شتێکی جیاواز، شتێکی نائاشنا دسپێدەکا." تیۆدۆر کالیفاتیدێس |

### ڕەوتی کۆچ

بە کۆچی مرۆڤ لە زێدی خۆیەوە، گەلێ ئاڵوگۆڕی مەزن لە ژیانیدا پێکدێن بە چەشنێك کە ئەو کەسە ئیتر خۆی نییە. بڕیاردان لە سەر کۆچ، بەرپرسییەکی قورسە. بەجێهێشتنی نیشتمان واتا ماڵاوایی گیانکێش، کۆڵێك نیگەرانی و ترس. ڕاکردن یا بەجێهێشتنی زێد، زۆر بە ژانە. کۆچبەر دەتوانێ لە گەڵ کارەساتی ناخۆش و پرمەترسی بەرەوڕوو بێ و بکەوێتە وەزعێکی هەڕەشەئامێزەوە. یەکەمین خولی ژیان لە سویددا بەلانی زۆر، پڕە لە نادڵنیایی، دەردی دووری و نیگەرانی دەرهەق بە داهاتوو.

بە هەڵبژاردنی نیشتمانی نوێ، هەموو شتێك سەر لە نوێوە دەس پێدەکا: زمانێکی نوێ، لەوانەیە کارێکی نوێ یانژی بێکاری.

وردەوردە کۆچەر لە ژیانی نوێیدا دەچێتە پێشێ و چاوی لە داهاتوو دەبڕێ. سەرەنجام بەم چەشنە ڕەوتی کۆچبەری دەپێورێ. بەڵام ئەم ڕەوتە بۆ کەسانی جیاواز، هەمان کات نابا.

| |
|---|
| ڕەوتی کۆچبەری:<br>– تەرکی نیشتمان: نەتوانین و هێزی کار<br>– پەنابەری یا ڕاکردن: نیگەرانی و نادڵنیایی<br>– هەوەڵین خولی مانەوە لە وڵاتی نوێدا: خۆڕێکخستن، خۆ هاوئاهەنگی و دەردی دووری<br>– پاش ماوەیەك: سازان، ئالیدۆزینەوەی سەر لە نوێ و هاوگونجی |

- چ شتێك بوو بە هۆی کۆچی تۆ بۆ وڵاتی سوید؟
- هەوەلین خولی مانەوەت لە سوید چۆن دەرباز بوو؟
- تۆ لە کوێی ڕەوتی کۆچبەریدای؟
- منداڵەکەت لە کوێی ڕەوتی کۆچبەریدایە؟

### ئێمە و ئەوان

ئەمە تەواو سروشتییە کە مرۆڤ لە وڵاتێکی بیانیدا، سەرەتا خۆ لە زۆر شتی نوێ دەبوێرێ. لە بەرامبەریدا وڵاتەکەی دەگەیێنێتە تەشقی ئاسمانێ! بەڵام نابێ هەر لەم بارەدا بمێنێتەوە.

کاتێ لە گەڵ شتێکی نائاشنا بەرەوڕوو دەبین لە ڕاستیدا هەر شتە کۆنەکەی خۆمانمان دێتەوە بەرچاو بەڵام بە شکڵێکی نوێ. هەر بۆیەش زۆر جار پێمان وایە (ئەو شتەی‌تر) نائاشنا و (سەیر)ە. ئێمە مرۆڤەکان دابەش دەکەین بە سەر ئێمە و ئەواندا. ئەمە هەستی هاوبەشێتی بەهێزتر دەکا.

بێتوو زاتی ئەوەمان هەبێ لە گەڵ یەکتر ئاشنا بین، پردی پەیوەندیمان لێداوە. دەتوانین هاوچەشنییەکان ببینین و خاڵە جیاوازەکان، سەرنجڕاکێش دەنوێنن.

- دەرهەق بە کام شت لە کولتووری سویدیدا کاردانەوەت نیشان داوە؟
- پێت وایە سویدییەکان چ شتێکی کولتووری تۆیان بەلاوە سەیر دەبێ؟
- بە پڕوای تۆ ئەمە پەیوەندی بە چ شتێکەوە هەیە؟
- ئاخۆ بۆ ئەوەی بکرێ سەرەڕای خاوەنبوونی کولتووری لێك جیاواز پێکەوە بژین، دەبێ چ لەو هەمووە وێنە جیاوازانە بکەین کە لە یەکتر هەمانە؟

### دەردی دووری و پەژارە

ئەو کەسەی لێبڕاو دەبێ وڵاتی خۆی بە جێ بێڵێ تووشی پەژارە و دەردی دووری دەبێ. دردی دووری، نۆستالژیاشی پێدەڵێن. ئەم هەستە پڕ شۆرە هاوڕێیە لەگەڵ وەبیر هێنانەوەی بیرەوەریی گەلێ کەس، شوێن،

بۆن و ئاواز. وشەی نۆستالژیا (نۆستالگی) لە ئاوێتەبوونی دوو وشەی یۆنانیی نۆستاس بە مانای گەڕانەوە و، ئالگۆس بە مانای پەژارە و خەفەت چێ‌بووە.

جار و بار مرۆڤ لە حاڵەتی نۆستالژیادا دەمێنێتەوە و ناتوانێ لێی دەرباز بێ. ئەو کەسانەی تەنیا بە بیرەوەریی ئەو شتانەی بوون و تێپەڕیون دەژین، زۆرجار بۆیان دژوارە کە هەست بە ڕەزامەندی لە ئێستایان بکەن. بێتوو دایك و باوك لە نۆستالژیادا بمێننەوە و نەتوانن پێش چاوی خۆیان ببینن، ڕەنگە نەتوانن بەو جۆرەی کە پێویستە منداڵەکان و نیازەکانیان هەست پێ‌بکەن و لێی تێبگەن.

- تۆ زۆرتر دڵتەنگی چ شتێکی وڵاتی خۆت دەبی؟
- ئایا ئەو شتەی بە بەردەوامیی نۆستالژی بەناوبانگە دەناسییەوە؟
- پێت وایە چۆن دەکرێ بەربەرەکانیی لەگەڵ بکەی؟
- چۆن دەکرێ ڕێگەیەك بدۆزرێتەوە کە مرۆڤ دڵتەنگیشی هەبێ بەڵام داهاتووی بەرچاویشی ببینێ و هەنگاوی بەرەو بنێ؟

| |
|---|
| "من بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو شتانەی پاش سی و شەش ساڵ ژیان، بە سەر منی بێگانەدا هات دەستم بە نووسین کرد."<br>من نەبوومەتە سویدی هەرچەند کە ئیتر ئەو یۆنانییەش نیم کە پێم وابوو هەم. من تەنانەت لە سەدا سەد، بێگانەش نیم. بە کورتی ناتوانم بڵێم بوومەتە چی؟ ...<br>ساتی وا هەیە کە پێم وایە ڕووت‌تر لەو کاتەم کە لە دایك بووم. ئەو کات لانی‌کەم بەندەناوکێك هەبوو. بەڵام ئێستا دەڵێی لە پرسەی ئەڤینێکی ناکامدام.<br>ساتی واش هەیە کە هەست بە هێوربیەکی قووڵ دەکەم چونکە فێرە خۆشەویستنی ئەو کەسە بووم کە لێم ڕوون بوو کەسێك نەبوو جگە لە خۆم."<br>تیۆدۆر کالیفاتیدێس |

## لەتەك ئەوانی‌تردا نەبوون

گشت ئەندامانی بنەماڵە ڕەنگە بە قەد یەك و بە هەمان خێرایی نایەنە ناو ڕەوتی کۆچبەرییەوە. منداڵانیش خەفەتی ئەو کەس، جێگە و شتانەی دەبێ بەجێیان بێڵێ دایاندەگرێ. بەڵام ئەوان لە ئێستادا دەژین و بۆ سەردەرێنان لە هەر شتێکی نوێ بەلەزن.

بێتوو دایك و باوکان لە ڕاستیی منداڵەکانیاندا بەشداری نەکەن، هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ منداڵەکان دژوار دەبێ کە لەیەك بگەن.

- کێ بوو لە مەسەلەی بەجێهێشتنی وڵاتدا بڕیاردەر بوو؟
- منداڵەکەت چۆنی زانی کە بڕیارە چ بقەومێ؟
- بە بڕوای تۆ منداڵەکەت دەربارەی وڵاتەکەتان چۆن بیر دەکاتەوە؟
- ئایا پێت وایە کە منداڵەکەت تێدەگا کە بۆ خۆشویستنی باخچەی منداڵان، فێرگە و هاوپۆلەکانی موافەقەی تۆی پیویستە؟
- بڕوای چییە سەبارەت بەو شوێنەی کۆچکردنەکەتان لە سەر منداڵەکەت داناوە؟

## سووکایەتی‌پێکردن و چووککردنەوە، دەبێتە لەمپەر

منداڵ ناتوانێ لەو شوێنەدا بژی کە حەزی لێناکا و هەست بە ڕاحەتی ناکا. منداڵێك کە لە سوید دەژی هەروەها دەبێ حەز لە سویدیش بکا. زۆر دژوار دەبێ بێتوو دایك و باوکەکان سووکایەتی بە سویدییەکان بکەن و بچووکیان بکەنەوە، یان ئەوەی کە دوروبەرییەکان لەو کولتوورەی منداڵەکە ڕیشەی لەو دایە دوور کەونەوە. ڕەنگە لەم کاتەدا منداڵەکە خۆی بە چووك دابنێ.

- دەربارەی سووکایەتی‌پێکردن و خۆ بە چووك‌زانین چۆن بیر دەکەیەوە؟
- ئایا تۆ خۆت لە لایەن دەوروبەرییەکانتەوە بچووك کراویتەوە؟

## ئاوات و داهاتووی منداڵان

منداڵێك کە دەچێتە پێشفێرگە یا فێرگەی سویدی، یا هاوڕێیەکانی سویدین، بیر و بۆچوونی نوێ دێنێتەوە ماڵێ. دایك و باوك لەوانەیە ترس دایانگرێ کە نەکا منداڵەکانیان لە کیس بچێ، یان ببنە هەڵگری بایەخی بێگانە و بگۆڕدرێن.

دوورەوڵاتی هەمیشە بەئازارە. بەڵام دەتوانێ هیوادەری داهاتوویەکی باشیش بێ بو منداڵەکان. ڕەنگە ترس لە بەسویدی بوونی منداڵ، ئەو هیوایە تێکبشکێنێ.

"کاتێ باوکم دەگێڕێتەوە کە چەند بە هەژاری ژیاوە، کوڵی گریان دەمگرێ و خەفەت دامدەگرێ. بەڵام چم پێدەکرێ؟ دەبێ ئێستا شوکرانەبژێر بم کە وەزعم باشە. بەڵام ئەو، ژیانێکیتر بووە." نینا

- ئایا تۆ سەردەمێك نیگەرانی ئەوە بووی کە منداڵەکەت ببێتە سویدی؟
- ئایا پێت وایە کە منداڵەکەت، چاوەڕوانییەکانی تۆ لە خۆی، بە بارێکی قورسی سەر شانی دەزانێ؟

# 4. بنەماڵە، ئەوین و زایند (نێر و مێیەتی)

## بنەماڵە چییە؟

بنەماڵە دەکرێ مانای جۆراوجۆری هەبێ: هەموو خزم و کەس، یان تەنیا دایك و باوك و منداڵ. بنەماڵە لە سویدیش وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان، بە گرنگ دادەنرێ بەڵام بە شێوەیەکیتر. ژن و پیاو بە یەکسان دەزانرێن و هەر کامەی خاوەن بەرپرسی خۆیانن. مێرمنداڵان ڕەنگە جار و بار لە بنەماڵە دوور کەونەوە تا سەربەخۆیی خۆیان نیشان بدەن.

ئەوەی کە کێ دەسەڵاتی هەیە، بەرپرسیارە و لە ماڵ و کۆمەڵگادا ئەرکی پێسپێردراوە، لە ماوەیەکی کورتدا لە سوید ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە. لە ڕابردوودا هاوژیانی لە ناو بنەماڵە و خزم و کەساندا گرنگتر بوو. ئەمڕۆ منداڵان لە سوید لە بنەماڵەی زۆر لێك جیاوازدا پەروەردە دەبن. زۆربەیان لە لای دایك و باوکیاندا دەژین. بەڵام زۆر منداڵیش هەن کە دایك و باوکیان دەستیان لێك بەرداوە و زردایك، زرباوك، زرخوشك یا زربرایان هەیە.

- بنەماڵە بە دیتنی تۆ بە چ مانایەکە؟
- پێت وایە بۆ ئەو سویدییانەی دەیانناسی، بنەماڵە بە چ مانایەکە؟
- ئایا هاوژینیی بنەماڵەکان لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتەکەی تۆش ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە؟

## دەوری نوێ لە بنەماڵەدا

لە سویددا ئەو کەسەی دەرس دەخوێنێ یا کار دەکا خێراتر دێتە ناو کۆمەڵگاوە. دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ ژنان، جار و بار هاسانترە هەتا بۆ پیاوان. منداڵان بە خێرایی زانیاری لە سەر سوید وەدەس دێنن. گەورەکان جار نا جارێك بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لە گەڵ کۆمەڵگادا، ناچار دەبن پشت بە منداڵانی خۆیان ببەستن. باوك ئیتر وەك قەدیم ئەو کەسە نییە کە دەزانێ و دەتوانێ و نوێنەری بنەماڵەیە. ئێستا ئیدی دەوری نوێ لە بنەماڵەدا هاتۆتە ئاراوە و ڕەنگە ببێتە هۆی ناکۆکیش.

"منداڵی کۆچەر سکی بە دایك و باوکی خۆی دەسووتێ. ئەوان هەموو شتێکیان جێهێشتووە و چوونە ناو وڵاتێك کە دەبێ هەمیشە یارمەتی بدرێن چونکە زمان نازانن: منداڵان و مێرمندالان خێراتر لە گەورەساڵان فێرە زمان دەبن و دەسبەجێش یارمەتی دەگەیێننە دایکو باوکانیان. هەر بۆیەش دەروونبینییەکی گەورەتر لە جیهانی گەورەساڵاندا پێکدێ کە منداڵان هیچ پێویستییەکیان پێی نییە."
نالین پێكگول

گفتوگۆ لەمبارەوە کەمێك دژوارە هەرچەند لە زۆربەی بنەماڵاندا باسی لەم چەشنە دێتە گۆڕێ. کەسێك حەزی لەوە نییە خاڵە کزەکانی خۆی لە لای خەڵکیتر بگێڕێتەوە.

- ئایا نووسراوەکانی سەرەوە بنەماڵەی تۆش دەگرێتەوە؟
- ئەگەر وایە ئایا ئێوە توانیوتانە لەمبارەوە پێکەوە بدوێن؟
- ئایا بنەماڵەیتردەناسن کە ئەوانیش هەر ئەم حاڵەتەیان هەیە یا شتێکی وەك ئەو؟
- ئایا ئێوە دەتوانن لەمبارەوە لەگەڵ کەسانیتردا بدوێن؟

## ژنان لە سویددا

بۆ یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای سویددا هێشتا ڕێگایەکی زۆر لە بەرە. بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، ئاڵوگۆری گەلی مەزن پێکهاتووە. لەو سەردەمەی کە پیاوان بەجێی ژنانیش بڕیاریان دەدا زۆر تێنەپەڕیوە. ژنان لە باری ئابوورییەوە وابەستە بە پیاوان بوون. ئەوان دەبوایە هەم هاوسەر بن، هەم دایك، هەم کەیبانوو. ئەمڕۆ هەموو لە سەر ئەوەی کە دەبێ یەکسانی هەبێ ڕێككەوتوون. ژنان و پیاوان دەبێ خاوەنی ماف و ئیمکانیاتی بەرامبەر بن لە کۆمەڵگادا. ژنان و پیاوان دەبێ هەردووکیان بتوانن سەرپەرشتی منداڵان بن و خاوەنی کار.

- شوێن و جێگەی ژنان لە سوید، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ وڵاتەکەی تۆدا؟
- باشی و خراپییەکانی ئەمە چییە؟

## جۆری ڕوانین لە پیاوێتی
جۆری ڕوانین لە پیاوێتی و ژنێتی لە کۆمەڵگا و سەردەمی جۆراوجۆر، جیاوازە.

ئەمڕۆ پیاوێتی و نەپیاوێتی بۆ خەڵکی سوید بە چ مانایەکە؟ بێگومان مانای جۆراوجۆری هەیە. بەرسڤەکانی چەند ژن و پیاوێك لەمبارەوە بخوێننەوە:
پیاونەبوون ئەوەیە کە بەرپرسی بنەماڵەی خۆت نەبیت.
پیاو ناوێرێ هەستی خۆی بدرکێنێ.
بە پروای من، چارەکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی توندوتیژی نیشانەی پیاونەبوونە.
من پێم وایە پیاوبوون ئەوەیە کە بوێری پشووی تایبەتی باوکان بۆ ئاگاداری لە منداڵ وەربگری و لە ماڵێدا چاودێرییان لێبکەی.

- پیاوبوون بۆ تۆ بە چ مانایەکە؟
- ئایا پێت وایە کە شێوەنیگای تۆ لەمبارەوە لەگەڵ دایکو باوکت چ جیاوازییەکی هەیە؟
- پێت وایە بە چ هۆیەك پیاوانی سویدی هەندێ جار لە ڕوانگەی هەندێ بیانییەوە، بە پیاو دانانرێن؟
- پێت وایە لە بەر چی بە پێچەوانەی ئەوەی سەرێ، هەندێ پیاوی بیانیش لە ڕوانگەی سویدییەکانەوە، بە ماچۆ (زۆر پیاو!) دادەنرێن؟

## مێژووی بنەماڵە لە سویددا
لە سوید بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1858ەوە بوو کە ژنێکی بێمێرد یا شوونەکردوو ئەگەر خۆی داوای کردبا، بە باڵغ دەژمێردرا (باڵغ لە باری خاوەنبوونی مافەکانی ئەو کات). لە ساڵی 1863وە ژنانی سەڵت لە تەمەنی 25 ساڵیدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك، بە باڵغ دادەنران. لە ساڵی 1884 ئەم ئاستەی تەمەن دابەزییە 21 ساڵ.

لە ساڵی 1864 ەوە ئیتر پیاوان بۆیان نەبوو لە ژنەکانیان بدەن.

لە ساڵی 1874 ەوە ژنانی سەڵت بوون بە خاوەنی مافی پریاردان دەرهەق بە داهات و داراییەکانی خۆیان.

لە ساڵی 1915 ەوە ژنان مافی داواکردنی تەڵاقیان وەرگرت.

ژنانی بەمێرد بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1920داله تەمەنی 21 ساڵییەوە بە باڵغ دانران و هاوکاتیش بوون بە خاوەنی مافی یەکسان لە گەڵ پیاوان لە بواری ئابووری و حقووقیدا.

لە ساڵی 1921 دا ژنانیش مافی دەنگدان لە سوید و هەڵبژێردران لە بواری سیاسییان وەرگرت.

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1965دا بوو کە سێکسی بەزۆر تەنانەت لە ژیانی ژن و مێردایەتیشدا سزای یاسایی بۆ پرایەوە.

- ئایا تێبینییەکی تایبەتت هەیە لە سەر ساڵەکانی ئەو دەقەی سەرەوە؟
- ژنان لە وڵاتی ئێوەدا لە چ ساڵێکەوە مافی دەنگدانییان وەرگرت؟
- ئایا خاڵیتر هەیە کە بەراوردکردنی سەرنجراکێش بێ؟

## ڕوانین لە ئەڤین و زەماوەند
ئایا زەماوەند دەبێ لە سەر بناغەی ئەڤین بێ یان ئەوەی کە لە درێژایی ژیانی هاوبەشدا دەپشکوێ؟ لە چ تەمەنێکدا دەبێ زەماوەند بکرێ؟ ئەم زەماوەندە چۆناوچۆن دەبێ؟ ئەم بابەتە بە درێژایی زەمەن و لە کولتوورە جۆراوجۆرەکاندا، جیاواز بووە. لە سویدیشدا نەریتی زەماوەند ئاڵۆ گۆری مەزنی بە سەردا هاتووە. ئەمڕۆکە ئیتر پێکەوە ژیانی گەنجەکان بەر لە زەماوەند، زۆر ئاسایی دەنوێنێ. زۆر کەس بێئەوەی کە زەماوەندیان کردبێ پێکەوە دەژین.

- لە شێوەی ڕوانین لە ئەڤین و زەماوەند لە وڵاتی ئێوەدا چ ئاڵۆ گۆڕێك پێکهاتووە؟
- ئایا لەمبارەوە لە ناو خزم و کەس و کارەکانی ئێوەدا هەڵسەنگاندنی لێك جیاواز هەیە؟

## جۆری ڕوانین لە زایند (نێر و مێیەتی)
جۆری ڕوانین لە زایندیش لە ناو کولتوورە جۆراوجۆرەکاندا و سەردەمی جیاواز، وەك یەك نەبووە. زۆربەی کۆمەڵگاکان هەوڵیان داوە چالاکیی سێکسیی ژنان کۆنترۆڵ بکەن بۆ ئەوەی بۆیان دەرکەوێ کێ باوکی منداڵە. لە سوید پێشتر سزای قورس بۆ چالاکیی سێکسیی بەر لە زەماوەند دانرابوو.

"دەربارەی ژنانی بەساڵاچوو نە تەنیا کەمبوونی زانیاری و دەستپێراگەیشتن بە مادەی پێشگری حامیلەبوون، بەڵکوو جۆری تێڕوانینی خۆشیان لە چالاکیی سێکسییان لە گۆڕێدا بووە. هەوەس و ئۆگریی سروشتیی تێکەڵاوی لەگەڵ پیاو، ئیزنی خۆدەربڕینی نەبووە چونکە وەها ژنێك بۆی هەبوو بە پیاوباز ناوی دەربچێ. ژنان نەیاندەتوانی خۆیان بۆ ژیانی هاوبەشیان پێشقەدەم بن یان ئەڤینی خۆیان بدرکێنن. تەنیا (ژنانی خراپ) بۆیان بووە وا بکەن."
پەرستارێکی هەرێمی دەربارەی ژیانی کۆمەڵگای جووتیاریی گۆتلەند

دەربارەی سێکس و پەیوەندی سێکسی، دیتنێکی گشتیی سویدی نییە بەلام زۆربەی خەڵکی سوید ئەمڕۆ لە پەیوەندییەکی ئەڤیندارێتی بۆ زەماوەندا دەیبینن.

لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سوید وڵاتێکی هەژار بوو بە بنەماڵەی پرمنداڵ. لە هەر دە منداڵ یەکیان بەر لە تەمەنی یەکساڵی دەمرد. گەلێ ژن بە هۆی منداڵ لەبەرخۆبردنی نایاسایی گیانی خۆیان لە دەس دا. ئەمڕۆ سەرەڕای هەبوونی مادەی پێشگری حامیلەیی و یاسایی‌بوونی ئازادیی منداڵ لەبەرخۆبردن، پێشوازی لە دایکبوونی منداڵ دەکرێ. ئاماری منداڵ لە بەرخۆبردن لە سوید لە خوارەوەیە و مردنی زارۆکان لە نزمترین ئاستی خۆیدایە لە جیهاندا.

وانە لە سەر سێکس و تێکەڵاویی سێکسی لە فێرگەکاندا، داکۆکی لە ڕێزدانان، بەرامبەری و بایەخی یەکسان بۆ گشت کەس دەکا. مێرمنداڵان و لاوان فێر دەبن کە لە کاتی تێکەڵاویی سێکسی، منداڵداربوون، بەکارهێنانی مادەی پێشگری حامیلەیی و نەخۆشیی سێکسیدا لەش چۆن کار دەکا. ئەوان هەروەها دەتوانن بە ئازادی و کراوەیی لە سەر چۆنەتیی ڕوانین لە زایند، پەیوەندیی سێکسی، ئەخلاق و تێکەڵاوی بئاخڤن.

مێرمنداڵان لە بەشی دەرمانیی تایبەتیی خۆیاندا دەتوانن ڕاوێژکاریی پێویست دەربارەی هەموو بوارەکانی گەنجێتی، هاتنە ناو دنیای گەورەساڵی و شکڵگرتنی کەسایەتی وەربگرن. ئەوان هەروەها بۆیان هەیە پرسیارەکانی خۆیان لە سەر سێکس و پەیوەندیی سێکسی بێننە گۆڕێ و وەڵام وەرگرنەوە، یان سەبارەت بە مادەی پێشگری حامیلەیی ئامۆژگاری وەرگرن.

وانە لە سەر سێکس و تێکەڵاویی سێکسی یا هەبوونی بەشی دەرمانیی تایبەتی مێرمنداڵان، هانیان نادا بۆ پەیوەندیگرتنی سێکسی. بەڵکوو وەك کێشێکی گرنگی هاوسەنگیساز ئامادەیان دەکا بۆ ئەوەی دژی ئەو ڕوانینەی لە ناو دەنگەوەرەکاندا سووکایەتی دەکا بە سێکس و پێوەندی سێکسی، دەرکەون.

- چ زانیارییەکت هەیە دەربارەی ئەوەی کە منداڵەکەت لە فێرگەدا چ وانەیەکی لە سەر سێکس و تێکەڵاویی سێکسی پێدەگوترێ؟
- تۆ خۆت زانیاری لە سەر لەش، چۆنەتیی چێبوونی منداڵ و شتی لەم بابەتەت چۆن وەرگرتوە؟

## شەرەف و شانازی

شەرەف لە سویددا بۆ ژنان هەمیشە پەیوەندی بە سێکس و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ پیاوانەوە هەبووە کەچی شەرەف و شانازی بۆ پیاوان، چ پەیوەندیی بە سێکس و ڕەفتاری سێکسییەوە نەبووە بەڵکوو زۆرتر گەڕاوەتەوە بۆ پاکی و توانایی پارێزگاریکردن لە خۆ.

گەلێ دایك و باوکی بەڕەگەز بیانی، لەوەی کە کچەکەیان ڕوو بکەنە ژیانێکی سویدی کە بۆ وێنە تەجروبەی سێکسیی بەر لە زەماوەندیشی تێدایە، نیگەرانن و وا بیر دەکەنەوە کە کچانی سویدی خاوەنی ئازادیی زۆرن. زۆرتر لە وەی هەشە!

بێتوو کچان زۆر سنوودار بکرێن و مەرجی زۆر دژواریان بۆ دابنرێ ئەمە دەتوانێ ببێتە هۆی دەسپێکردنی (ژیانێکی دووانە)یان بەم مانایە کە لە ماڵێدا بە جۆرێك و لەگەڵ دۆستەکانیشیاندا بە جۆرێکی‌تر بجووڵێنەوە.

شەرەف و نامووس بۆ ئەو بنەماڵانەی ژیانیان نزیکترە لە کۆڕی خزم و دیوناسەکانیان، گرنگیی زۆرترە. لەم حاڵەتەدا نێو و ناتۆرەی باش و خراپ زۆر مانا پەیدا دەکا. هێزی نێو و ناتۆرە هێشتا لە ناو کۆمەڵگای بچووك لە سویددا هەیە بەڵام لە بازارە مەزنەکاندا نائاساییە.

نیگەرانیی دایك و باوکان بۆ نامووسی کچان و بنەماڵەکەیان، دەتوانێ لە خراپترین حاڵەتدا ببێتە هۆی وەشوێن‌کەوتن، هەڕەشە و توند و تیژی. زۆربەی خەڵك نەیاری تەمێی لەش و جۆری‌تری سووکایەتی پێکردنن کەچی توندوتیژیی پیاوان دژی ژنان لە کۆمەڵگای سویدیشدا هەیە. بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشە و توند وتیژی لە ڕێگەی گفتوگۆ لە سەر هۆکار و چۆنەتیی پێشگرتنی، خودان گرنگییەکی زۆرە.

- شەرەف و نامووس بە چ مانایەکە؟
- جیاوازیی ئەوەی کۆنترۆڵ لە بنەماڵەدا بێ یا لە کۆمەڵگادا چییە؟

- به ڕوای تۆ چ هۆکارێك دەتوانێ شوێن دانێته سەر ئەوەی ناکۆکی و دژبەری له ناو ئەندامانی ماڵێدا نەگاته توند و تیژی؟

## نه تەنیا کچان

بار و دۆخەکه دەتوانێ بۆ کوران و پیاوه گەنجەکانیش دژوار بێ. ئەوان جار و بار دەبێ سەرەڕای ویست و داخوازی خۆیان، کۆنترۆڵی خوشکەکانیان بکەن. ئەم چاوەڕوانییه له پیاوه گەنجەکانیش هەیه که بەس له تەك کچانی گرووپەکەی خۆیاندا زەماوەند بزەوجن.

"دایك و باوکی عەلی چاوەڕوانیی ئەمەیان لێی هەیه که لەگەڵ کچێکی کورد زەماوەند بکا بەڵام عەلی چەند ساڵێکه حەزی له کچێکی سویدییه. ئەو ئێستا له سەر دووڕێیانێکی ژیانێتی: ئایا درێژه به نەریتی بنەماڵه بدا یا زۆرتر وەك سویدییەك بژیت. ئەو فکرانەی مێشکی دەخۆن و ئەو هەموو زەختانەی له سەری بوو وایان لێکرد که ڕۆژێکی تەواو له جێدا بکەوێ. ئەو ڕۆژەکانیتر زۆر خۆشحاڵه چونکه دەرس و مەکتەب، هەودای هەموو فکر و خەیاڵێکی لێدەپسێنێ.
به ڕوای عەلی، ژیان له دوو کولتووردا دەتوانێ به یەك چەشن گرفت بۆ کچان و کوران بخوڵقێنێ. وەشوێن نەریتی بنەماڵه نەکەوتن، خەرجێکی هەیه که دەبێ بدرێ هەر چەند ئەم خەرجه دەتوانێ بۆ کچان قورستر بێ."

- به ڕوای تۆ ژنانی گەنج چ ئازارێکی شانهەڵتەکێن دەبێ بچێژن کاتێ لەگەڵ چەند کولتووری جیاوازدا مەزن دەبن؟
- به ڕوای تۆ پیاوانی گەنج چ ئازارێکی شانهەڵتەکێن دەبێ بچێژن کاتێ لەگەڵ چەند کولتووری جیاوازدا مەزن دەبن؟

### *ئامادەکردنی ڕێگەیەکی نوێ*

کاتێ کولتوور، داب و نەریت، یاسا و بایەخەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرردادێ چ ڕوودەدات؟ کێ سنوور دادەنێ و کێ تەییدی ئەوه دەکا که مرۆڤ له بنەماڵەدا یان له ناو گرووپی نەتەوەیی خۆیدا ڕێگەیەکی نوێ بدۆزێتەوە؟

- له سەردەمی گەورەبوونی تۆدا چ ئاڵوگۆڕێك له بنەماڵەدا ئیمکانی هەبوو بێته پێش؟
- ئەمڕۆ کێ دەبێ (ئیزن) بداته لێکدانەوەی نوێ لەو شتانەی له ناو گرووپی نەتەوەیی تۆدا هەن؟